# ڕەگەزدۆزی
# لە شیعرە کوردییەکانی صافی هیرانی

**د. طارق طاهر عبد الله**[1]

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕەگەزدۆزی لە شیعرە کوردییەکانی صافی هیرانی)، لێکۆڵینەوەیەکە گرنگی خۆی هەیە لە شیعری شاعیرانی کورد بە تایبەتی (صافی هیرانی) کە گرنگیەکی زۆری داوە بە بابەتی ڕەگەزدۆزی لە زانستی رەوانبێژیدا، ئەوەش شتێکی سەیر نیە، چونکە (صافی) شاعیرێکی بلیمەت و بە توانا بووە، توانیتی بابەتی ڕەگەزدۆزی رەنگبداتەوە لە شیعرەکانی، هەروەک شاعیرانی تر گرنگی زۆریان داوە بە رەوانبێژی لە پەندو شیعرەکانیاندا لەناویشیاندا (ڕەگەزدۆزی). ئەم توێژینەوەیە نمونەکی بچووکە بۆ رونکردنەوەو باسکردنی بابەتی: (ڕەگەزدۆزی لە شیعرە کوردییەکانی صافی هیرانی)، توێژەر لە میانەی ئەم توێژینەوەدا چەمکی ڕەگەزدۆی رۆندەکاتەوە، بۆیە توێژینەوەکە پێکدێت لە دوو بەش، لە بەشی یەکەمدا باسی چەمکی ڕەگەزدۆزی و گرنگی شاعیرانی کورد بەم بابەتە دەکەم، لە بەشی دووەمیشدا باسی گرنگی صافی هیرانی بە ڕەگەزدۆی رۆندەکەمەوە، ئینجا لە کۆتایی توێژینەوەکە چەند دەرەنجام و راسپاردەو پێشنیاز خراوەتە روو بە هیوای سوودوەرگرتنی هەموو لایەک.

**کلیلی وشەکان:** ڕەگەزدۆزی، شاعیرانی کورد، صافی هیرانی.

[1] زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردەی شەقلاوە.

## پێشەکی

گەلی کورد چەندەها زاناو شاعیرو نووسەرو فەیلەسوف و بیرمەندو مێژونووس و فەرموودەناسی تێدا هەڵکەوتووە، یەکێک لەو شاعیرانە (صافی هیرانی) ە، کە یەکێک بووە لە شاعیرە مەزنەکانی گەلی کورد، زۆر لە شاعیرانی کورد سوودیان لە زانستی ئەدەبی وەرگرتووە، وەک: بیخود، و عەونی، و، جاهید.

جگە لە زمانی کوردی شیعری بە زمانی عەرەبی و فارسی و توركیش داناوە، لە ناو شاعیرانی هاوچەرخی خۆیدا پلەو پایەکی بەرزی هەبووە، بە (ئوستاذی غەزەل) یان ناوبردووە لە شیعری دینداری و دڵداریدا، هەروەک کەسێکی خواناس و خواپەرست بووە، پابەندی تەریقەتی قادری بووە.

هەمیشە بەسەربەرزی ژیاوەو لە ڕێگای ڕاست لای نەداوە، بەهۆی تەریقەت و شێخایەتیەوە نەیویستووە خەڵک لە خشتە ببات و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بێنێت.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەو توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێ:

١. ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی ڕەگەزدۆزی لە شیعرە کوردیەکانی (صافی هیرانی).

٢. ڕوونکردنەوەو باسکردنی ڕۆڵی گەورەی شاعیرانی کورد لە بواری ڕەوانبێژی لە شیعرەکانیادا، بە تایبەتی (صافی هیرانی).

٣. ڕوونکردنەوەی چەمکی ڕەگەزدۆزی و جۆرەکانی.

## گرنگی توێژینەوە و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە:

گرنگی ئەو توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

١. ئەو بابەتە گرنگیەکی زۆری هەیە، لە میانەی لێکۆڵینەوەی ئەو توێژینەوەدا شارەزا دەبین لە شیعری شاعیرانی کوردو پلەو پایەیان بە تایبەتی (صافی هیرانی)، ئەمەش گرنگیەکی زۆری هەیە بە تایبەتی نەوەی نوێی کۆمەڵگاکەمان بۆ ئەوەی نرخ و بەهای پیاوە مەزنەکانی کورد بزانن.

٢. لە میانەی ئەو توێژینەوەدا شارەزای شیعرە کوردیەکانی (صافی هیرانی) دەبین، کە شاعیرێکی بلیمەت و بە توانا بووە، بە شێوەکی بەرچاو ڕەگەزدۆزی و، دژ یەک و، لەیەک چوون و، دوونیازی (الجناس، والطباق، والتشبیه، والکنایة) ی هێناوەتە ناو شیعرەکانی.

٣. حەزو ئارەزووی خۆم لە ناونیشانی ئەو بابەتە گرنگە هەبوو، کە لە کۆنفراسی (صافی هیرانی) پوختەیەکی لێ باس بکەم، بۆیە ئەو بابەتەم هەڵبژارد.

### پلانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بە دوو بەشی سەرەکی:

بەشی یەکەم: چەمکی ڕەگەزدۆزی و گرنگی شاعیرانی کورد بەو بابەتە.

بەشی دووەم: گرنگی صافی هیرانی بە ڕەگەزدۆی.

## بەشی یەکەم: چەمکی ڕەگەزدۆزی و گرنگی شاعیرانی کورد بەم بابەتە

### ١. چەمکی ڕەگەزدۆزی:

چـەمکی ڕەگـەزدۆزی لـە زانسـتی ڕەوانبێژیدا بـە واتـای ئـەوە دێت: دوو وشــە لێکچوونیــان هــەبێت لــە وشــەداو، ماناکــەیان جیــاواز بێـت (التفتازاني، ١٩٩٠: ٢٧٢). یان: دوو وشە بە جۆرێک لـە جۆرەکـان ڕێکبکـەون، بەڵام ماناکەیان جیاواز بن (العلوي، ٢٠٠٢: ٢/١٨٥).

زانایانی ڕەوانبێژ ڕەگەزدۆزیان دابەشکردووە بە دوو جۆر:

جۆری یەکەم: ڕەگەزدۆزی تەواو (الجناس التام).

جۆری دووەم: ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو (الجنـاس النـاقص، أو الجنـاس غيـر التام).

ڕەگــەزدۆزی تــەواو: ئەوەیــە دوو وشــەکە لــە جــۆری پیتــەکان و ژمــارەو شــێوەو ڕێکخســتنیاندا ڕێکبکــەون (القزوینــي، ٢٠١٠: ١٣١)، وەک گـوتراوە: (صـليت المغـرب فـی المغـرب)، واتـە: نـوێژم کـرد لـە وڵاتـی مـەغریب، لـە نێـوان مـەغریبی یەکـەم و مـەغریبی دووەم ڕەگـەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو ناودا.

ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو: ئەوەیـە دوو وشـەکە جیاوازیـان هـەبێت لـە یەکێک لەم چوار شتانەی کە باسمان کرد لە مەرجەکانی ڕەگـەزدۆزی تەواو (الهاشمي: ٣٢٦).

ئینجا ڕەگەزدۆزی تەواوو ڕەگـەزدۆزی ناتـەواو زۆر جۆریان هەیـە کـە پێویسـت ناکـا لێـرەدا باسـی هـەموو جۆرەکـان بکـەین، چونکـە لـە پەرتوکەکانی ڕەوانبێژی بە درێژی باس کراوە، تەنها باسی ئەو جۆرانـە دەکەین کە لە شیعرە کوردیەکانی صافیدا هاتووە.

ئینجا بە گوێرەی جیاوازی جۆری پیتەکان ڕەگەزدۆزی ناتەواو دەکرێتە دوو بەش: (ڕەگەزدۆزی المضارع و ڕەگەزدۆزی لاحیق).

ڕەگەزدۆزی المضارع: ئەوەیە دوو وشەکە کە ڕەگەزدۆزیان تێدایە شوێنی دەرچوونی پیتەکانی لێک نزیک بن و دوور نەبن، جا دوو پیتەکە چ لە سەرەتای وشەکە بن، یان لە ناوەڕاست، یان لە کۆتاییەکەی، وەک خوای گەورە دەفەرموێ: {وهم ينهون عنه وينأون عنه} (الأنعام: ٢٦)، پیتی (هاء) و (حاء) شوێنی دەرچونیان نزیکە کە گەرووە (التفتازاني: ٢٧٤).

ڕەگەزدۆزی لاحیق: ئەوەیە دوو وشەکە کە ڕەگەزدۆزیان تێدایە شوێنی دەرچوونی پیتەکانی لێک دوور بن، جا دوو پیتەکە چ لە سەرەتای وشەکە بێت، یان لە ناوەڕاستی، یانیش لە کۆتایی، وەک خوای گەورە دەفەرموێ: {ويل لكل همزة لمزة} (الهمزة: ١)، پیتی (هاء) و (لام) شوێنی دەرچونیان لێک نزیک نیە، چونکە پیتی (هاء) شوێنی دەرچوونی گەرووە، وە (لام) زمانیە (عبد الرزاق، ٢٠٠٦: ١٨٧). ئەگەر هاتوو جیاوازیەکە لە شێوەو ڕێکخستنی پیتەکاندا هەبوو، ئەوە بە هەمان شێوە دوو جۆری هەیە (ڕەگەزدۆزی المحرف و ڕەگەزدۆزی المصحف).

ڕەگەزدۆزی المحرف: ئەوەیە جیاوازی پیتەکان لە جووڵەو زەنەداردا بێت، وەک گوتراوە: (جبة البرد جنة البرد) (التفتازاني: ٢٧٣)، لە نێوان (البرد) البرد) ڕەگەزدۆزی (المحرف) هەیە، چونکە شێوەیان جیاوازە، ئەوەی یەکەم (البرد) بۆری (الضمة) لەسەرە، بە واتای جۆرە جلوبەرگێکی ئەستورە لەسەرما دەتپارێزێ، (البرد) ی دووەمیش سەری (الفتحة) هەیە، بە واتای سەرما دێت، جا ئەو جۆرە جلوبەرگە بەهەشتی سەرمایە، ئەگەر لەبەری بکەی لە زستاندا سەرمات نابێ.

ڕەگەزدۆزی المصحف: ئەوەیە دوو وشەکە لە ژمارەی پیتەکان و شێوازو ڕێکخستندا وەک یەکە، بەڵام جیاوازیان هەیە لە خاڵدا، بەشێوەیەک ئەگەر خاڵەکە لە یەکێک لە وشەکان لاببرێت، یان لە هەردووکیان، جیاوازی ناکرێت لە نێوانیاندا، وەک خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەر (ابراهیم) (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (والذي هو يطعمني ويسقين * وإذا مرضت فهو يشفين} وشەی (يسقين) لەگەڵ (يشفين) جیاوازیان لە خاڵدا (الحموي: ٢٠٠٤: ١/٨٥، ٨٦).

## ٢. گرنگیدانی شاعیرانی کورد بە ڕەگەزدۆزی:

شاعیران و زانایانی کورد لە بواری ئەدەبدا زۆر بایەخ و گرنگیان داوە بە ڕەوانبێژی بە شێوەیەکی گشتی و ڕەگەزدۆزی بە تایبەتی، چەند نمونەیەک دەهێنینەوە لە پەندو شیعرەکانیان:

خووی شیری، هەتا پیری. یان گوتراوە:

خوویەکی گرت بە پیری، تەرکی ناکات بە پیری (خاڵ: ١٧٥).

واتە: ئەوەی لەچ شتێک و خەسڵەتێک لە منداڵیەوە ڕاهات و لەسەری گەورە بوو، وازی لێناهێنێ بە پیری.

لە نێوان (شیری) و (پیری) ڕەگەزدۆزی (لاحیق) هەیە.

وە مەلا صالح کوڕی ملا نصر الله زیوەیی دەڵێ:

تاڵ و شیرین پێکەوە نەمدیوە چا بێ، چا نەبێ

هەرکەسێکی هەمنشینی چا نەبێ، پێت چا نەبێ (حەریق، ٢٠١١: ١٩٣).

واتە: تاڵ و شیرن پێکەوە نەمدیوە ڕێکبکەوێت و کۆببتەوە، جگە لە چا نەبێ، کە بە تاڵی و بە شیرینی دەخورێتەوە، هەرکەسێک دیت هاوڕێیەتی کەسانی خراپی کردو هاوڕێی باش نەبوو، پێت مرۆڤێکی باش و چاک نەبێ.

لە نێوان (چا) ی یەکەم و (چا) ی دووەم ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو ناودا. هەروەها نالی دەڵێ:

ناڵی نیەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە
ئەمما نیەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئینشا

واتە: نالی کە دەستی داوەتە شیعر گوتن، نیازو مەبەستی وایە وتەی سیحراوی و شیعری بە مەعنا بڵێ، بەڵام هێزی دڵ و توانای وتن یا داهێنانی نیە، مەکەر خودا خۆی دەس بە باڵیەوە بگرێ و یارمەتی بدا (ناڵی: ٧٥).

لە نێوان (نیەتی) یەکەم و دووەمدا ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە دوو کاردا.

هەروەها دەڵێ:

ماچی دەمەکەی دامێ کە دامێ سەرو ماڵم
بنواڕە چ سەییادە، چ جەللادە بە حاڵم

واتە: لەو کاتەی کە سەرو ماڵم لە پێناوی یارا داناو بە تەواوی لەناوچووم، ئەو کات ماچێکی دەمی دامێ، هاوار لە یار چۆن ڕاوچییەکی دڵدارانییەتی، چۆن داوێکیان بۆ دادەنێتەوە.

لە نێوان هەردوو (دامێ) ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو کاردا و، لە نێوان (دەم) و (دامێ) دا ڕەگەزدۆزی ناتەواو و، لە نێوان (ماڵم) و (حاڵم) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە (ناڵی: ٢٩٦).

## بەشی دووەم: گرنگیدانی صافی هیرانی بە ڕەگەزدۆی

صافی هیرانی (خودا لێی خۆشبێت) زۆر گرنگی بە هەردوو جۆری ڕەگەزدۆزی داوە لە شیعرەکانیدا: ڕەگەزدۆزی تەواو و ڕەگەزدۆزی ناتەواو، بۆیە لەم بەشەدا باسی هەردوو جۆری ڕەگەزدۆزی دەکەین.

### ١-ڕەگەزدۆزی تەواو (الجناس التام):

### ڕەگەزدۆزی تەواو لە نێوان دوو ناودا:

(صافی هیرانی) لە دیوانەکەیدا لەم شوێنانە باسی ڕەگەزدۆزی تەواو دەکات لە نێوان دوو ناودا و دەڵێ:

بۆچی ئەگری دڵ لەسەر ئەم شێوە پەشێوە؟
وا حەپسە لەنێو چینی چەمی پەرچەمی چەمدا

واتە: چۆن دڵم ناڵە نەکا؟ کەوا ئێستا حەبسە لەنێو چینی پەرچەمی چاوەکانیدا، لە نێوان (چەمی یەکەم و چەمی دووەمدا) ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو ناودا، چەمی یەکەم: چغوردی و چڕوپڕی، چەمی دووەم: واتە: چاو بەشێوەی هەورامی، هەروەکو دەگوترێ سیاچەمانە کە جۆرە ئاوازو گۆرانیەکی تایبەتە مەبەست پێداهەڵگوتنی چاوڕەشانە (هیرانی، ٢٠٠٤: ١٣٠). هەروەها دەڵێ:

صەبووریم کەی دەبێ بێ چاوی بیماری لە بیماریم
بەبێی ئەو فائیدەی نادا دوعای (تسکین) و ئامینم

چاوی بیمار: چاوی مەستی.

لە بیماریم: لە برینداریم.

واتە: ئەگەر ئەو یارە نەم بینێ، دوعای چابونەوەو هێور بوونەوەم سوودی نیە و دادم نادا بۆ ئەو حاڵەی کەمنی گیرۆدە بووم.

لە نێوان (بیماری یەکەم و بیماری دووەمدا) ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو ناودا (هیرانی: ١٨٤). هەروەها دەڵێ:

گوڵزارە لە گوڵزاری بۆ غونچە گوڵی زاری
گوڵ کەوتە شەکەر باری وا گوڵ شەکەرێکم بوو (هیرانی: ١٩٠).

واتە: یارەکەم گوڵزارە لە گوڵزاری گوڵ، بۆ غونچە گوڵی زارە، گوڵ گەشایەوەو دڵی خۆش بوو، چونکە یارەکەم دەرکەوت و گەشاوە.

ئـەم شـیعرە دوو ڕەگـەزدۆزی تـەواوی تێدایـە، لـە دێـری یەکـەم ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو ناودا، (گوڵزار) گوڵزاری یەکەم بـەمانا خۆشەویسـت و یارەکـەی دێ، (گـوڵزار) ی دووەمـیش بـەمانای ڕاستەقینەی خۆی دێت.

لە دێری دووەمیشدا ڕەگـەزدۆزی تـەواو هـەیە لـە نێوان دوو نـاودا (گوڵ)، گوڵی یەکەم بەمانا ڕاستەقینەی خـۆی دێ، (گـوڵ) ی دووەمـیش بە مانای یارو خۆشەویستەکەیەتی. هەروەها دەڵێ:

ئەو پەرچەمە پڕ چینە هەموو عەسکەری چینە

بۆ غارەتی ماچینە کە ئەم چینە سوارە

لە نێوان (چینی یەکەم و چینی دووەم) ڕەگـەزدۆزی تـەواو هـەیـە لـە نێوان دوو ناودا، چینی یەکەم پڕ چینـە، واتـە: ئـەو پەرچەمـە پڕ چین و تـاقم و خەڵکـە، هـەموو عەسـکەرو لەشـکری وڵاتـی چینـە، بـۆ غـارەتی ماچینە: واتە: بۆ داگیرکردن و تاراجی ماچینە (هیرانی: ١٩٧).

هەروەها دەڵێ:

وا حەیاتم بێ سەبەب قەیدی حەیاتی کردووم

شیوەنی رووحە عەزیزان قەیدی من یەکجارییە

واتـە: حـەیاتم: کـە مەبەسـت یارەکەیـەتی کـە بەقـەدەر ژیـانی خـۆی خۆشـی دەوێ. قەیـدی حـەیاتی کـردووم: ژیـانی منـی بەنـد کـردووە، شـیوەنی رووحـە دۆسـتان و خۆشەویسـتان، ئـەو بەندکردنـەی مـن یـەکجاری و هەمیشـەییە (هیرانـی: ٢٢٦). لـە نێـوان (حـەیات) ی یەکـەم و دووەمدا ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو ناودا. هەروەها دەڵێ:

شەو بەبێ شەمعی روخت پڕ ظولمەتە خانەی دڵم

ڕۆژ بەبێ ڕۆژی جەمالی تۆ سیاە و تارییە

صافی لەم دێرە شیعرەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەوا خۆر ئەو ڕووناکی و جوانییەی لە ڕووناکی ڕووی یارەوە پێبڕاوە، بۆیە دەڵێ: ئەگەر جەمالی یارم نەبێ خۆر ڕەش و تاریکە، هەروەها ئەوەش رادەگەیەنێ کەوا دڵی ئەو بەبێ ئەو ڕووناکیەی ڕووی یار تاریکستانیە (هیرانی: ٢٢٦، ٢٢٧).

لە نێوان (ڕۆژ) ی یەکەم و دووەم ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو ناودا، (ڕۆژ) ی یەکەم مەبەستی کاتە (ڕۆژ) ی دووەمیش مەبەستی خۆرە.

هەروەها دەڵێ:

مەڵێن (صافی) کە ئێستێکە لە یادی یار نیە یاران
لە دڵدا فیکری دڵدارو لە ناوی زیکرە کا ناوی

واتە: مەڵێن (صافی) ئێستاکە لە یادی یار نیەو یاری لە بیرچووە، لە دڵدا بیری دڵدارو لە ناخی یادی دەکا.

لە نێوان (ناوی) یەکەم و دووەمدا ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو ناودا، (ناوی) یەکەم واتە: لە ناخ و دڵ و دەرونەوە. (ناوی) دووەم ناوی ئەو (هیرانی: ٢٥٠). هەروەها دەڵێ:

ئەو جانە چ جانێکە کە جانە بە جوانی
ئەو عاریضە پەنهانە چ گەنجێکە نیهانی

(جان) ی یەکەم، بەمانای پەری و شۆخ و شەنگ دێ. (جان) ی دووەم، بە مانای روح دێت. واتە: ئەو یارەی من کە پەری و شۆخ و شەنگە، چ شۆخێکە، وەکو روح وایە لە جوانی، لە نێوان (جانی یەکەم و جانی دووەم) ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو ناودا (هیرانی: ٢٥٠).

هەروەها دەڵێ:

بەختی بەد نەیهێشت لە عەهدی تۆ بە کامی دڵ بگەم
جانی من صاحێب وەفاو عەهدو پەیمانم ئەتۆی

(عەهدی) یەکەم واتە: سەردەم.

(عەهدی) دووەم واتە: پەیمان و بەڵێن.

واتە: بەدبەختی نەیهێشت لە سەردەمی تۆ بە مەبەستی دڵم بگەم، خۆشەویستی من خاوەن وەفاو بەڵێن و پەیمانە.

لە نێوان (عەهدی) یەکەم و دووەمدا ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو ناودا (هیرانی: ٢٥٤).

هەروەها لە پێنج خشتەکیدا دەڵێ:

هوزاری غونچە زارێکم کە ڕوویی ئەو بەهاریتی
نەزاری لالە زارێکم کە دڵ وا داغداریتی
فیدایی لێوو زارێکم نقودی جان نثاریتی
خوماری چاوخومارێکم هەزاران وا خوماریتی
ئەسیری زولفی یارێکم هەموو عالەم شکاریتی (هیرانی: ٢٨٩).

واتە: بولبولی غونچە زارێکم کە ڕوویی یار بەهاریتی، نەخۆش و لاوازی گوڵی لالەم کە دڵ وا داغداریتی، قوربانی لێوو زارێکم مایەی گیان بە قوربانیتی، مەستی چاومەستێکم کە هەزاران کەس مەستی ئەوە، بەندی زولفی یارێکم کە هەموو خەڵک ڕاوچیتی، یان نێچیریتی.

لە نێوان (زاری) یەکەم و (زاری) دووەم ڕەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان دوو ناودا، چونکە زاری یەکەم کە دەڵێ: غونچە زارێکم بەمانای غونچەی جوانی و گەشاوە دێت، (زاری) دووەم کە دەڵێ: فیدایی لێوو زارێکم، مەبەست دەم و زاری مرۆڤە.

**رەگەزدۆزی تەواو لە نێوان ناوو کاردا:**

لەم شوێنە (صافی هیرانی) باس لە رەگەزدۆزی تەواو دەکات لە نێوان ناوو کاردا، هەروەک دەڵێ:

وردە خاڵی ئێستەکێش نازی لەسەر پەروین دەکا

چاوی بازی دائیما بازی بە ئاهوی چین دەکا

واتە: وردە خاڵی یارم ئێستاکەش لە کۆمەڵە ئەستێرەی پیروو بەنازترن، چاوەکانیشی لە چاوی ئاسکی چین جوانترن، لە نێوان (بازی یەکەم و بازی دووەم) رەگەزدۆزی تەواو هەیە لە نێوان ناوو کاردا، بازی یەکەم: هەڵۆ، بازی دووەم: بە مانای وازی و گاڵتەپێکردن دێت (هیرانی: ١٣٠، ١٤٣). ئەو جۆرە رەگەزدۆزیەش پێی دەگوترێ: رەگەزدۆزی (المستوفي)، کە دوو وشەکە جیاواز بن لە جۆرەکانی وشە، بۆ نمونە یەکێکیان ناو بێت ئەوی دیکە کار بێت، یان یەکێکیان پیت بێت ئەوی دیکە کار بێت (الهاشمي: ٣٢٦).

**٢-رەگەزدۆزی ناتەواو (الجناس غير التام):**

**رەگەزدۆزی لاحیق:**

(صافی هیرانی) گرنگیەگی زۆری بە رەگەزدۆزی ناتەواو دایە، لەناویشیاندا رەگەزدۆزی لاحیق، لە دیوانەکەیدا لەم شوێنانە باسی رەگەزدۆزی لاحیق دەکات و دەڵێ:

بۆ مانیعی غەم کافیە ئەو نووری جەبینی

بۆ دەفعی ئەلەم شافیە ئەو شەهدی لەبانی

واتە: بۆ قەدەغەکردنی غەم و رێ لێگرتنی، بەسە دیتنی رووناکی نێوچاوانی، وە بۆ لابردنی ئێش و ئازار چارەسەرە هەنگوینی لێوانی (هیرانی: ١٣١، ٢٥٢). لە نێوان (کافیەو شافیە) رەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

طەعنی مەدە لەو هەستیە بەو مەستیە زاهید
بۆ ڕەندیێ من کافیە ئەو چاوە خومارە

واتە: تانەی لێ مەدە ئەی زاهیدو خواناس بەو هەستی و مەستیە، چونکە ڕەندیی من، یانی گرنگی نەدان بەخۆ لە پێناو عیشقدا بەسە ئەو چاوە مەستە.

لە نێوان (هەستی و مەستیدا) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە (هیرانی: ١٣١).

هەروەها دەڵێ:

دەردی دووریم چەشتووە ژەهری فیراقم نۆشییە
بۆیێ کە خۆشیم نەخۆشی و نەخۆشیم خۆشییە

واتە: دەردی دووری یارم چەشتووەو ژەهری فیراقم نۆشیوە، لەبەر ئەوە خۆشیم بویتە نەخۆشی و، نەخۆشیشم بویتە خۆشی.

لە نێوان (نۆشییە، خۆشییە) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە، هەروەها لەم شیعرەدا صافی دژیەک (طباق) یشی بەکارهیناوە لە نێوان (خۆشی) و (نەخۆشی) (هیرانی: ١٣٣). هەروەها دەڵێ:

یار لەبەر نازی جوانی مامز ئاسا ڕەم دەکا
یا لەناڵەی عاشقانە ڕوو لە عالەم کەم دەکا

واتە: یار لەبەر دیدەی عاشقان خۆی بزر دەکات و بە پەلە ڕادەکا، لەبەر ئەوەیە کە بە جوانی خۆی دەنازێ، یان لە ناڵەی ئەوان خۆی دوورەپەرێز دەگرێ (هیرانی: ١٤٩).

لە نێوان (ڕەم)، (کەم) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

دڵ لەبۆ مەحبوبە ئێستا گریەوو زاری دەکا
وا لە هەردوو چاوەکانی خوێن و ئاو جاری دەکا

واتــە: دڵ لەبــەر خۆشەویســتی یــار ئێســتا گریــەو زاری دەکــا، لــە هەردوو چاوەکانی خوێن و ئاو دەڕێژێ و هەڵدەقوڵێنێ (هیرانی: ١٥٤).

لە نێوان (زاری)، و (جاری) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

دڵ لەبەر دەردی فیراقی یارە مەیلی مەی دەکا
گوێی لە دەنگی سازو عوودو بەزمی نای و نەی دەکا

واتە: لە تاو دووری یار دڵم مەیلی مەی دەکات و گوێ لە ئاوازی سازو عوود دەگرێ (هیرانی: ١٥٥).

لە نێوان (مەی) و (نەی) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

ئەگەر چی دڵ بە ڕۆژی عاریضت سووت
وەڵێ وا عادەتە بۆ عاشقی رووت

واتە: ئەگەر چی دڵ بە ڕۆژی ڕووخسارت سوتاوە، بەڵام وا عادەتە بۆ عاشقی رووی تۆ وا لێبێت (هیرانی: ١٥٨).

لە نێوان (سووت، رووت) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

(صافیا) هیران وەکو نیرانە جیرانی جەحیم
سا کە وابێتن (توکل) دائیما بەخودا دەکەم

واتە: ئەی (صافی) گوندی هیران وەکو ئاگر وایە دراوسێی دۆزەخە، کەواتە پشت بەخودا دەکەم و هانای بۆ دەبەم (هیرانی: ١٧٤).

لە نێوان (هیران) و (نیران) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

ئەو دڵی بێقەرارەکەم کەوتە هەوایی یارەکەم
صەبرێ لە کێوە چارەکەم زەحمەتە دەردی وا گران (هیرانی: ١٨٧).

واتە: ئەو دڵی بێ ئارام و جێگیرم کەوتۆتە خۆشەویستی یارەکەم، ئارامی نەماوە، چارەسەرم زەحمەتە، دەردی گرانم.

لە نێوان (یارەکەم) و (چارەکەم) رەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

دەوری فەلەک بەحیلە بوو فەصلی بەهاری بردو چوو
رەنگی خەزانی دامە روو جوملە بەڵایی خستە جان

(صافی) لەم بەیتەدا گلەیی لە کارەساتی خەزان و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێ لە رۆیشتنی بەهارو هاتنی پاییزی خەزان، هۆکاری ئەو ستەمەش دەخاتە ملی فەلەک کە بە فێڵ بووە، چونکە بەهاری بردووەو پایزی پێداوە، ئەو پایزەی خەزانی هێناوەو خەزانیش چەند دەردو ئازاری خستۆتە گیان و دڵان (هیرانی: ١٨٧).

لە نێوان (بوو) (چوو) رەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

سیحری دڵی مارووتە کە شەیدایی عوزارە
فیکری دڵی هاڕووتە لە ریسوایی دیارە

(هارووت) و (مارووت) ناوی دوو فریشتەن لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە (هاروت وماروت...) لە سورەتی (البقرة)، ئایەتی: (١٠٢).

(عوزار): دەم و چاو روخسار. (هیرانی: ١٩٦).

لە نێوان (مارووت) و (هارووت) رەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

طەعنی مەدە لەو هەستییە بەو مەستییە زاهید
بۆ رەندی یێ من کافیە ئەو چاوە خومارە

واتە: تانەی لێ مەدە ئەی زاهید لەو هەستی و مەستییە، بۆ من بەسە لە پێناو عیشقا ئەو چاوە مەستە (هیرانی: ١٩٦).

لە نێوان (هەستییە) و (مەستییە) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

خۆی ماهەوە یا شاهە لەسەر تەختی جووانی

یا بەدری سەما قەدرە هەموو شەو دەوو چارە (هیرانی: ١٩٦).

واتە: ئەو یارە خۆی مانگە یان شاهە لەسەر تەختی جووانی، یان مانگی چوارەدەیە کە زۆر درەوشاوەو گەشە لە ئاسماندا، وا ڕێککەوتووە هەموو شەو لە چواردەیە، لەبەر گەشی و جوانی رووخساری.

لە نێوان (ماە) و (شاە) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

لە تاوی ئاووری دووری هەمیشە سینە بریانە

لە عەشقی چاوی مەخمووری بە دائیم دیدە گریانە (هیرانی: ٢٠١).

واتە: لە تاوی ئاگری دووری یار هەمیشە سینەم بریندارە، وە لە عەشقی چاوی مەستی هەمیشە دیدە گریانە.

لە نێوان (بریان) و (گریان) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

لە شەڕقی شەوقی وەصلت شەمسی عومرم وا غرووبی کرد

لەمەولا چۆن ئەبێ ژینم کەوا مەحشەر هەڵستاوە

واتە: وا تەمەنی من لەلای ڕۆژهەڵاتی سۆزی وەصلت ئاوابوو، کە ئەمە شتێکی سەیرەو نیشانەی دونیا خەرابوونە، چونکە یەکێک لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی، ئاوابوونی ڕۆژە لە ڕۆژهەڵات (هیرانی: ٢٠٥).

لە نێوان (شەرق) و (شەوق) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

لە دامێنی زولفت چ نورێکت عەیانە
لە ئاخیری شەودا سەفیدەی بەیانە (هیرانی: ٢٠٩).

واتە: لە دامێنی زولفت چ نورێک ئاشکراو دیارە بووە، وە لە ئاخیری شەودا سپیایی و رووناکی بەیانی دەردەکەوێ.

لە نێوان (عەیان) و (بەیان) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

کە دەورەی لە رووودا بەدوو زولفی خاوە
سەما هەوری داگرت و رۆژ کەوتە ناوە

واتە: کە زولفی یارم دەوری رووی ئەوی داو داپۆشی، وەک ئەوە وابوو کە رووی ئاسمان بە هەور بگیرێ و رۆژ بزر بکا (هیرانی: ٢٠٩).

لە نێوان (خاوە) و (ناوە) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

لەو دوو لاوە لوول و خاوە        مارە دەوری گەنجی داوە

(صافی) لەم بەیتەدا رووی یاری بە گەنجینە شوبهاندووەو زولفیشی بە دوو ماری رەش لە دەوری گەنجینە (هیرانی: ٢٠٩).

لە نێوان (خاوە) و (داوە) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

لە عەشقت دووچارم هەموو دەم بە گریان
لە تاووت هەناووم هەموو بوویتە بریان (هیرانی: ٢١٠).

واتە: لە عەشقی یارم هەموو کاتێک دەم بە گریانم، وە لە تاوی تۆوە هەناوم هەموو بوویتە بریان.

لە نێوان (گریان) و (بریان) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

یاران کوژاوی نازم صەبرم لە دڵ نەماوە
عاشق بە چاوی بازم کەی رووم دەکا بەلاوە (هیرانی: ٢١١).

واتە: دۆستان و خۆشەویستان ئارامم لە دڵدا نەماوە، چونکە کوژراوی دەستی یارم، عاشقی چاوی بازم، دەبێ کەی رووم تێبکات و ئاورم لێبداتەوە. لە نێوان (نازم) و (بازم) رەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

عاریضی یارم گرۆی حوسنی لە گۆڵشەن بردەوە
بۆیێ گوڵ خاری غەمی سەرتا بەپا دەر کردەوە

واتە: یارم هەندە جوان و شۆخ و شەنگە، رووخساری لە پێشبڕکێی جوانیدا لە گوڵزار بردەوەو گوڵشەن هەرچەندە جوان و رازاوە بێ، ناگا بە جوانی ئەو، بۆیە گوڵ دیسان درکی دەرکردەوە، لەبەر زۆر پەژارەیی و دەرنەچوونی لەو پێشبڕکێیەدا.

لە نێوان (بردەوە) و (کردەوە) رەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

لەلاییکی جەفای یارو لە جاییکی بەڵای ئەغیار
(تجنب) لازمە (صافی) چ لەم لاوە چ لەولاوە

واتە: لەلایەک جەفاو ساردو سڕی یارم، لە لایەکیش بەڵای بیانی و نەیار، لەم نێوانەدا خۆپاراستن پێویستە (صافی) چ لە جەفای یار، یان لە دەردو بەڵای نەیار (هیرانی: ٢٣١، ٢٣٢).

لە نێوان (لاییکی) و (جاییکی) رەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

جانا بەسە بێ مەیلی دەمێ روویی وەفا بێ
تا چەند دڵی زار، بە ئازارو جەفا بێ؟

واتە: گیانە بەسە بێ مەیلی و بێ خۆشەویستی، دەمێک ڕووی وەفا بکە، هەتاکەی دڵم ئازار دەدەی بە جەفاو وشکیت و ئاوڕ نەدانەوە لێم (هیرانی: ٢٣٧).

لە نێوان (وەفا)، و (جەفا) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

من چەندە کە نادانم یا عاقڵ و چازانم
غەیری ئەمە نازانم بەخودا کە خودایێکە

لە نێوان (نادانم) (چازانم) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

مەنوارە وەفایی من بنوارە جەفایی من
عالەم لە صەدایی من هەردەم لە جەزایێکە

واتە: هاتووم داوای لوتف و چاکەی تۆ دەخوازم و لە داواکەشمدا، تەماشای وەفای من مەکە کە کەمە، بوڵکو گوێ بگرە لە ئازاروناڵەم کە خەڵکی لە دەست ناڵە ناڵ و گریانی من زۆر لە ناخۆشی و بێزاریدان (هیرانی: ٢٦٤).

لە نێوان (وەفایی) و (جەفایی) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها لە چوار خشتەکیدا دەڵێ:

قوربان با بەس بێ ئەوقاتی فەصلت
لە ڕێگەی خودا بۆ کانی ئەصلت
ئەی شاهی خووبان لە خوانی وەصلت
تاکەی هەر من بم لە بێ نەصیبان (هیرانی: ٢٧٠).

لە نێوان (فەصلت) (ئەصلت) (وەصلت) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

دڵ ئەلبیسەیی خوێنی هەموو دەم کە لەبەردا
دەیزانی فەلەک کینەیی وی ماوە لەسەردا
چەند عاشقی کوشتونەوو خوێنی بەهەدەردا
لەم طالیعە بەرگەشتەیە چۆن ماوە دڵی من (هیرانی: ٢٧١).

واتە: دڵم لەبەر عەشقی یاردا هەموو کاتێک پۆشاک و جل و بەرگی خوێنە، چونکە دەزانێ زۆر عاشقی کوشتونەوو خوێنیان بە فیڕۆ ڕۆیشتووە، لەم بەختەیە بەدبەختی چۆن ماوە دڵی من.

لە نێوان (لەبەردا) و (لەسەردا) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

دائیم لە هەوایی تۆ گەلێ حالی پەشێوە
هەردەم لە جەفایی تۆ ئەوا کەوتووە جێوە
ئەم قوڕبەسەرە رووحی گەیشتە سەری لێوە
دەرمانی بکە تاکو نەفەوتاوە دڵی من (هیرانی: ٢٧٣).

واتە: هەمیشە (صافی) لەبەر جەفاو وشکی تۆ حالی ناخۆش و پەشێوە، بۆیە کەوتووە سەر جێگا، و رووحی گەیشتۆتە سەری لێو، دەرمان و چارەسەری بکە تاکو نەفەوتاوە دڵی.

لە نێوان (جێوە) و (لێوە) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە. هەروەها دەڵێ:

ئاسودەو فاریغ نەبوو ئەصلا لە غەمی تۆ
قەد حەرفی وەفای جارێ نەزانی لە دەمی تۆ
چونکی سەری خۆی ناوەتە ژێری قەدەمی تۆ
بۆیێ وەکوو زولفی تۆ پەرێشانە دڵی من (هیرانی: ٢٧٥).

واتە: ئاسودەو چۆل نەبوو دڵی من هەرگیز لە غەمی تۆ، هەرگیز وفای نەدیت جارێک لە دەمی تۆ، چونکە سەری خۆی ناوەتە ژێر پێی تۆ، بۆیە بە ئەندازەی زولفی تۆ پەرێشانە دڵی من.

لە نێوان (غەمی) و (دەمی) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە. هەروەها دەڵێ:

دڵ کەوتە خەیاڵات لەبەر خونچەیی لێوی
وەک نوقطەیی مەوهوومە ئەگەر بێ نەبزێوی
بەو فکرە لە باغی سەمەن و سونبول و سێوی
وەک بولبولی بێچارە غەزەلخوانە دڵی من

واتە: دڵم کەوتە خەیاڵات لەبەر غونچەیی لێوی، وەک خاڵی نادیار لەبەر زۆر بچووکی کەوای لە قەڵەم داوە هەندێ جار هەیەو هەندێ جاریش نیە، وەک بولبولی بێچارە غەزەلخوێنە دڵی من (هیرانی: ٢٧٦).

لە نێوان (لێوی) و (سێوی) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

سەوداسەرو دێوانەوو حەیرانە هەموو دەم
بۆ یارو بۆ ئەغیاری شەریکە لە هەموو غەم
فاریغ نەبوو یەک لەحظە ئەگەر زۆرو ئەگەر کەم
ئاشوفتەوو پڕ شۆڕش و غەوغایە دڵی من (هیرانی: ٢٧٨)

واتە: ئاژاوەو ئاشوب و پڕ لە جۆش و خرۆشە دڵی من، وە هیچ کاتێک هەرگیز بێ غەم نەبووە، بۆ نەیاران و بۆ یار هاوبەشە لە هەموو غەم و، لە هەموو کاتێکدا سەرلێشێواو سەرگەردانە.

لە نێوان (دەم) و (غەم) و (کەم) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها لە پێنجیندا دەڵێ:

لەبێ عاهدو وەفایی بوو وەها مەنفوری تۆیە دڵ
لە ڕەسمی پڕ جەفایی بوو کەوا مەهجوری تۆیە دڵ
خودا هەڵناگرێ جانا پەشێوی دووری تۆیە دڵ
زەمانێکە لە گۆشەی بێکەسی ڕەنجوری تۆیە دڵ
حەبیبم کەعبە کەچ نابێ ئەگەر خۆت بێیە سەردانی (هیرانی: ٢٨٣).

واتە: دڵم پەشێوی دووری تۆیە گیانە، سەردەمێکە لە گۆشەی بێکەسی نەخۆش و دەردەمەندە، لە وێنەی پڕ جەفایی و وشکی بوو کەوا دڵم بەجێماوو بەجێهێشتراوی تۆیە، چی تێدایە گەر خۆت بێیە سەردانی.

لە نێوان (وەفایی) و (جەفایی) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

لە نێو طابووری غەم راهات لە تەعلیماتی مەشقی تۆ
چ خەوفی قەیدو زنجیرە لە ئەستۆی دایە طەوقی تۆ
بە موژدەی وەصلی پا بووسیت حەیا واچوو لە شەوقی تۆ
هەتا ئێستا کە مەشهوور بوو بە بەد نامی لە عەشقی تۆ
چ باکی لۆمەیی غەیرە لە مەولا (صافی) هیرانی (هیرانی: ٢٨٦).

واتە: لە مەولا چ باکی لۆمەو سەرزەنشتی بیانی نیە (صافی) هیرانی، چونکە هەتا ئێستا بەناوبانگ بوو بە بەدناوی لە عەشقی تۆ، بە موژدەی گەیشتن بەتۆ حەیاو ئابڕووی چوو، هەرچی ترس و زنجیرە لە ئەستۆی دایە و لەنێو لەشکری غەمدایە.

لە نێوان (مەشقی) و (عەشقی) ڕەگەدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

لە موڵکی حوسن و ئیقلیمی مەلاحەت تاکە ئەم شۆخە
عەجائیب شاە و عاریض و ماە و طینەت پاکە ئەم شۆخە
دڵا سەد کوشتەیی وەک تۆی لە ژێر پێ خاکە ئەم شۆخە
ئەگەر فەرمووی لە قەتلی عاشقان بێباکە ئەم شۆخە
هەزاری کوشتیە وەک تۆ قەدی لاولاویوو لاوی

واتە: یاری من لە جوانی و لێهاتوویی تاکە ئەم شۆخ و شەنگە، سەیرە روو وەکو مانگی تابان، ئەصل زادەو نەجیب و پاکە، ئەی دڵ لە

کوشتنی عاشقان بێ منەت و بێباکە ئەم شۆخە، هەزاری وەک تۆی کوشتیە بە لاوی (هیرانی: ٢٨٧).

لە نێوان (تاکە) و (پاکە) و (خاکە) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە. هەروەها دەڵێ:

لە تەصویری برۆی با جەدوەلی نەقاشی چین دەرچی
بە تەرزی قامەتی بەرزی قەدی شمشادو عەرعەرچی
لە وەصفی ئەو خەطو خاڵی تەواو بوو عومرەکەم گەرچی
لە تەعریفی بڵێم چی با قەلەم دەرچێ بڵێم هەرچی
تەواو نابێ بەچی ئەوصافی پێچی پەرچەمی خاوی (هیرانی: ٢٨٨).

واتە: لە وێنەی برۆی با خشتەی نەخش و نیگاری چین دەرچێ، بە بەژن و بالای بەرزی جوانی با قەدی سەرووی کێوی، یان گوڵی عەرعەر دەرچێ، لە پێناسەی بڵێم چی، با پێنوس دەرچێ، چونکە تەواو نابێ ئەوصافی پەرچەمی خاوی.

لە نێوان (دەرچی) و (گەرچی) و (هەرچی) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

هەروەها دەڵێ:

لە دەردی بێ دەوا بویمە غەریب و شوهرەیی شاران
دوعامان بۆ بکەن ئێوەو خودا زومرەی وەفاداران
لە راست من گوێ مەدەن بە قسەی رەقیب و قەولی بەدکاران
مەڵێن (صافی) کە ئێستێکە لە یادی یار نیە یاران
لە دڵدا فیکری دڵدارو لە ناوی زیکرە کا ناوی (هیرانی: ٢٨٨).

واتە: لە دەردی بێ دەرمان بویمە نامۆو بەناوبانگی شاران، نزاو دوعامان بۆ بکەن ئەی چین و کۆمەڵی وەفاداران، لە راست من گوێ مەدەنە قسەی بەدکارو خراپەکاران، مەڵێن (صافی) ئێستاکە لە یادی یار نیەو یاری لە بیرچووە، لە دڵدا بیری دڵدارو لە ناخی یادی دەکا.

لە نێوان (شاران) و (یاران) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە، هەروەک ڕەگەزدۆزی تەواویش لە نێوان (ناوی) یەکەم و (ناوی) دووەمدا هەیە، (ناوی) یەکەم بەمانا ناخ و دڵ و دەرونە، (ناوی) دووەمیش بەمانا ناوی ئەوە، هەروەک لە ڕەگەزدۆزی تەواو باسمان کردووە. هەروەها دەڵێ:

ئومێدم نا لە ژین وەقتی قیامی قامەتی لاوی
کە وەستاوە لە بۆ قەتلم پیاکەی پەرچەمی خاوی
چ چارەی تیرە بارانە لە پەنجەو دەستی خوێناوی
دەزانم دەمکوژێ چاوو تەنافی زولفی داوداوی
برۆی قەوس و موژەی پەیکانی عوشاقی هەژاریتی

واتە: ئومێدی ژینم نەما کە ئەو یارە هەڵسایەوەو، لە شوێنی هەڵسانەوەکەشیدا ڕاوەستا بە خۆی و کۆمەڵێک لەسەربازەکانی، کە داوەکانی پەرچەمی خاوی ئەوون، بە مەرامی کوشتنم خۆ هیچ چارەیەکم نەبوو، لە تیرە بارانی دەست و پەنجەکانی، بۆیە دەزانم دەمکوژێ، سێرەو نیشانەی منی وەها گرتووە کە ڕزگاربوونم نەبێ، چونکە زولفی تەنافەو برژانگەکانیشی تیرن و برۆی کەوانە و، هەموو ئەو شتانەشی بۆ کوشتنی عاشقانی هەژاری وەک من ئامادەکردووە (هیرانی: ٢٩٠، ٢٩١).

لە نێوان (لاوی) و (خاوی) ڕەگەزدۆزی لاحیق هەیە. هەروەها دەڵێ:

دڵی بولبول لەبۆ غونچەی دەمی هەر ئاخ و ئۆخیتی
کە زاغی خاڵەکەی دائیم لە باغی سێوو خۆخیتی
بە ڕوو گوڵ پەرچەمی سونبول دوو نێرگز وا لە ڕۆخیتی
گوڵی ڕووخسارە غونچەی لێوە عەرعەر قەددی شۆخیتی
گەهێ بولبول گەهێ قومری گەهێ دڵ وا هوزاریتی (هیرانی: ٢٩٢).

واتە: دڵی بولبول لەبۆ غونچەی دەمی تامەزرۆیتی و هەر ئاخ و ئۆخیتی، خاڵی رووخساری کە زۆر رەشە، وەک قەلەڕەش هەمیشە لە باغی سێوو خۆخیتی، بە روو گوڵەو پەرچەمی سونبول دوو چاوی وا لەرۆخیتی، گوڵی رووخسارە غونچەی لێوە، بەژن و باڵای عەرعەرە کە دارێکی قەشەنگ و شۆخ و جوانە، بەڕاست و رێکی هەڵدەچێ، هەندێ جار بولبول، هەندێ جاریش کۆتر، هەندێ جاریش دڵ بولبولیتی.

لە نێوان (رۆخیتی) و (شۆخیتی) رەگەزدۆزی لاحیق هەیە، وە لە نێوان (ئۆخیتی) و (خۆخیتی) رەگەزدۆزی (المضارع) هەیە. هەروەها دەڵێ:

عەجائیب نەوبەهارێکە کە گوڵشەن چەتری هەڵداوە
لە لایێ سونبول و نەسرین لە لایێ نێرگسی ساوە
لە ناڵەی بولبولان (صافی) مەگەر چ بووەو چ قەوماوە
شکۆفەی غونچەیی لێوی لە باغا وا دەمی داوە
وەیا بۆی عەطرە (عەونی) خەندەییێکی لێوو زاریتی (هیرانی: ٢٩٢).

واتە: سەیرە ئەو یارە نەوبەهارێکە کە گوڵشەن چەتری هەڵداوە، لە لایەک سونبول و نەسرین، لە لایەکیش نێرگسی تازە پێگەیشتوو، لە ناڵەی بولبولان (صافی) چی لێقەوماوە؟ غونچەی تازە کراوە لێوی لە باغا وا دەمی داوە، وەیان بۆنی عەطرو گوڵاوە.

لە نێوان (ساوە) (داوە) رەگەزدۆزی لاحیق هەیە. هەروەها دەڵێ:

بە ئەو یارە بڵێن یاران چییە سوچ و گوناهی من
نەسیم ئەنگووت و شەو رۆیی چەمەن واڵا بوو ماهی من
چ قەوماوە مەگەر قوربان کەوا بەستووتە راهی من
ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بە ئاهی من
کەچی دەستی لەسەر دانا لە سەیری باغی بەی کردین (هیرانی: ٢٩٤).

واتە: بە ئەو یارە بڵێن: یاران چییە گوناهی من؟ نەسیم ئەنگووت و شەو رۆیی چیمەن رازاوەو جوانبوو، چ قەوماوە مەگەر قوربان کەوا بەستووتە رێگای من. لە نێوان (ماهی) و (راهی) رەگەزدۆزی لاحیق هەیە.

**رەگەزدۆزی (المضارع):**

(صافی هیرانی) لە چەند شوێنێک باسی رەگەزدۆزی (المضارع) دەکات، هەروەک دەڵێ:

چاوی کاڵە لێوی ئاڵە روو بە خاڵە دولبەرم

زولفی خاوە لێم بەداوە یارەکەی ئەغیارەکەم

واتە: یارەکەم چاوی کاڵە، لێوی ئاڵە، رووخساری بەخاڵە، زولفی خاوە، ئەو یارەی کە خۆی لێکردووم بە بیانی و بە دژواری رەفتارم لەگەڵ دەکا (هیرانی: ١٧٨).

لە نێوان (ئاڵ) و (خاڵ) رەگەزدۆزی (المضارع) هەیە، وە لە نێوان (کاڵ) و (ئاڵ) رەگەزدۆزی لاحیق هەیە. هەروەها دەڵێ:

بایی خەزانە دەنگ ئەدا گوڵ کە بە زەردی رەنگ ئەدا

بولبولە سەر لە سەنگ ئەدا غونچە لە باغیدا نەمان

واتە: بای خەزانە کە زەرد هەڵگەڕان و داوەرینی گەڵایە و گوڵ زەرد دەبێت، بولبول سەر لەسەر بەرد دەدات و، غونچە لە باغدا نامێنێ. صافی لەم بەیتەدا نیشانەکانی پیری بەکارهێناون، وەک دەنگدان و ئاگادارکردنەوەیەکی بێ مۆڵەتی مەرگ و کارەساتێکی گەورەو ناخۆش، لەوانە: (خەزان، زەردی رەنگ، نەمانی گوڵ، شیوەنی بولبول)، کە هەریەکێک لەمانە هۆی نەمانی ئەوەی ترە، خەزان بێ هێزی و رەنگ زەردی بۆ رووەک دێنێ و، رەنگ زەردی گەڵاش لە باغدا بولبول

دەخاتە شیوەن، کە بە وشەی سەر لەسەر سەنگدان دەریبڕیوە، ئەوەش کنایەتە لە نە رازی بوون و خەفەتباری (هیرانی: ١٨٧).

لە نێوان (دەنگ) و (ڕەنگ) ڕەگەزدۆزی (المضارع) هەیە. هەروەها دەڵێ:

ڕەنگ و هەوایی تۆیە دەنگ و صەدایی تۆیە
کەیف و صەفایی تۆیە بۆ عەیشی جاویدانی

عەیشی جاویدانی: واتە: ژیانی هەتا هەتایی (هیرانی: ٢٤٨).

لە نێوان (ڕەنگ) و (دەنگ) ڕەگەزدۆزی (المضارع) هەیە. هەروەها دەڵێ:

ئەو عالەمە نەی ڕەنگە دەیبینی کە چەند دەنگە
سەر پاکی جودا ڕەنگە لەو باوک و دایێکە

نەی ڕەنگ: فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی.

دایێکە: دایکێکە (هیرانی: ٢٦١).

لە نێوان (دەنگە) و (ڕەنگە) ڕەگەزدۆزی (المضارع) هەیە. هەروەها دەڵێ:

بۆ شافیعی خاصی تۆ لەو بەحرە غەواصی تۆ
ئەو ئوممەتی عاصی تۆ چاوی لە ڕەجایێکە

واتە: لەبۆ ڕەجا قەبووڵ بوون لەلای خوای گەورە تۆ تایبەتمەندیت هەیە، و لەو دەریایە تۆ مەلەوانێکی شارەزای، بۆیە ئوممەتی تاوانبار چاوی لە ڕەجاو تکایە لە ڕۆژی دوایی بۆیان بکەی (هیرانی: ٢٦٣).

لە نێوان (خاصی) و (عاصی) ڕەگەزدۆزی (المضارع) هەیە. هەروەها دەڵێ:

ئەو وەحشیە ئەصلا کە لە بۆ ئێمە نەبوو ڕام
هەرچەندە سەعی و کۆشش ئەکەم نایەتە نێو دام
ئایا لەسەر ئەم شوڕشییە چی ئەبێ ئەنجام

ئاثاری کە لەم وەحشەتە پەیدایە دڵی من

واتە: ئەم یارە کە وەک باڵندەییێکی کێوی وایە ناگیرێت و نایەتە ناو داو، ئاخۆ دەبێ ئەنجامی دڵم چی بێ کەوا ئێستا پەژارەیی دای گرتووە لە داخی ئەو، لە ئەنجامی هەست بە چۆلی کردن و نەهاتنی یار (هیرانی: ٢٧٧).

لە نێوان (رام) و (دام) رەگەزدۆزی (المضارع) هەیە. هەروەها دەڵێ:

لە دەردی دووریێ یاران نەما ئارام و تەسکینم

وەرن ساتێ لە رێگەی خوا بپرسن گریەوو شینم

نەجاتم دەن لە ئەم دەردە بە مردن یانە خۆ ژینم

بڵێنە شۆخەکەم تاکەی لە دووری هەر بناڵێنم

چییە جارێ وەکو عارەب کە دەستم گاتە دامانی (هیرانی: ٢٨٥).

واتە: لە دەردی دووری یاران و خۆشەویستان ئارامیم نەما، وەرن ساتێک لە رێگەی خودا بپرسن گریان و شینم، رزگارم کەن لە ئەم دەردو ناخۆشیە، چ بە مردن بێت یان بە ژینم، بە شۆخەکەم بڵێن: تاکەی لە دووری ئەو بناڵێنم.

لە نێوان (شینم) و (ژینم) رەگەزدۆزی (المضارع) هەیە.

**رەگەزدۆزی (المحرف):**

(صافی هیرانی) لەم شوێنانە باسی رەگەزدۆزی (المحرف) دەکات، وەک:

هەستاوی کە هەستاوە قیامەت بە قیامت

رۆییوی کە رۆییوە دەمم لەو دەم و دەمدا

واتە: لەو دەمەی کەتۆ هەستاوی بە قیامی تۆ قیامەت بەرپا بووە، هەر لەو دەمەی کە تۆش رۆیشتووی و منت بەجێهێشتووە، سەردەمی خۆشیم نەماوەو بەسەرچووە (هیرانی: ١٤٢).

لە نێوان (قیامەت) (قیامت) ڕەگەزدۆزی (المحرف) هەیە. هەروەها دەڵێ:

خاڵی لە حیمایەت نیە بۆ عاشقی مەهجوور
خۆی دێتەوە هەرچەند بە خەطا بێ، بە خیطابێ

واتە: ئەو یارە بە تاکە وەڵامێک، یان راسپاردەو نامەیەک دەگەڕێتەوە لای عاشقی بەجێماو هەرچەندە کە ئەو عاشقە تاوانباریش بێت، چونکە یارەکەی بە بەزەییەو بە یەکجاری پشتی تێناکا (هیرانی: ٢٣٧).

لە نێوان (خەطابێ) و، (خیطابێ) ڕەگەزدۆزی (المحرف) هەیە.

**ڕەگەزدۆزی (المصحف):**

(صافی هیرانی) لەم شوێنانە باسی ڕەگەزدۆزی (المصحف) دەکات، هەروەک دەڵێ:

لەو دلاڕامە بپرسن وا دڵ ئارامی نەما
جارێکی چارێکی دەردم کا دەخالەت بەو دەکەم

واتە: لەو هێوری و ئارامی دڵ بپرسن کە دڵ ئارامی نەما، جارێک چارەسەری دەردم کەن هاناو داوای چارەسەری بەو دەکەم (هیرانی: ١٧٦).

لە نێوان (جارێک) (چارێک) ڕەگەزدۆزی (المصحف) هەیە، چونکە جیاوازی نێوانیان بە خاڵە. هەروەها دەڵێ:

ئەی نیگارا بەسیە با دەرگەی وەفا بکرێتەوە
تابەکەی دڵ هەر لە زیندانی جەفا بکزێتەوە (هیرانی: ٢١٧).

واتە: ئەی نیگاری یار، بەسە با دەرگەی وەفا بکرێتەوەو ئاوڕم لێدەوە و، دڵت لە زیندانی جەفا بکزێتەوە.

لە نێوان (بکرێتەوە) و (بکزێتەوە) ڕەگەزدۆزی (المصحف) هەیە.

## ئەنجام و ڕاسپاردە

**یەکەم: ئەنجام**

شاعیرانی کورد زۆر گرنگی و بایەخیان بە ڕەگەزدۆزی داوە لە شیعرو پەندەکانیاندا، لە وانەش (صافی هیرانی).

١. (صافی هیرانی) زۆر بایەخی بە هەردوو جۆری ڕەگەزدۆزی داوە لە شیعرەکانیدا، (ڕەگەزدۆزی تەواو و، ڕەگەزدۆزی ناتەواو).

٢. شاعیر لە (١٢) دوازدە شوێندا ڕەگەزدۆزی تەواوی بەکار هێناوە لە نێوان دوو ناودا، و (١) یەک جار ڕەگەزدۆزی تەواوی بەکارهێناوە لە نێوان ناوو کاردا.

٣. شاعیر لە (٥٣) پەنجاو سێ شوێندا ڕەگەزدۆزی ناتەواوی بەکارهێناوە، لە جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی ناتەواویشدا لە (٤١) چل و یەک شوێندا ڕەگەزدۆزی لاحیقی بەکارهێناوەو، لە (٨) شوێنیشدا ڕەگەزدۆزی (المضارع) ی بەکارهێناوە و، ڕەگەزدۆزی (المحرف، المصحف) یشی هەر یەکەیان لە دوو شوێندا بەکارهێناوە.

٤. صافی زیاتر ڕەگەزدۆزی ناتەواوی بەکارهێناوە لە شیعرە کوردییەکانیدا، لە ڕەگەزدۆزی ناتەواویش ڕەگەزدۆزی لاحیقی لە هەموان زیاتر بەکارهێناوە، پاشان ڕەگەزدۆزی (المضارع)، ڕەگەزدۆزی (المحرف، المصحف) یشی وەک یەک بەکارهێناوە.

**دووەم: ڕاسپاردە**

١. پێویستە قوتابیان هانبدرێن لە توێژینەوەی دەرچونیان لێکۆڵینەوە لەسەر شیعری زاناو شاعیرانی کورد بکەن، بۆ ئەوەی نەوەی نوێ شارەزابن لە بەرهەمی شاعیرانی پێش خۆیان و ناساندنیان بە نەتەوەکانی دی.

٢. پێویستە هەموو ساڵێک ئاوا کۆنفراس و یادی زاناو شاعیرانی کورد بکرێتەوە لە زانکۆکان، ڕاگەیاندنەکانیش گرنگی بەو بابەتە بدەن و بیانناسێنن بە جیهانی دەرەوە.

## سەرچاوەکان:


١. التفتازاني، سعد الدين، ١٩٩٠، **مختصر المعاني**، دار الفكر، بيروت، ط١.

٢. الحموي، أبو بكر بن علي، ٢٠٠٤، **خزانة الأدب وغاية الأرب**، تحقيق: عصام شقيو، دار ومكتبة الهلال، بيروت، الطبعة الأخيرة.

٣. حەریق، صالح مەلا نصر الله، ٢٠١١، **دیوانی حەریق**، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: نەوزاد کەلهور، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، چاپی یەکەم.

٤. خاڵ، محمد، **پەندی پێشینان**، منتدى اقرأ الثقافي.

٥. عبد الرزاق، حسن بن إسماعيل، ٢٠٠٦، **البلاغة الصافية في المعاني والبيان والبديع**، المكتبة الأزهرية للتراث القاهرة، مصر.

٦. العلوي، يحيى بن حمزة، ٢٠٠٢، **الطراز لأسرار البلاغة وعلوم حقائق الإعجاز**، المكتبة العنصرية، بيروت، ط١.

٧. القزويني، محمد بن عبد الرحمن، ٢٠١٠، **تلخيص المفتاح**، مكتبة البشرى، باكستان.

٨. نالی، خدر ئەحمەدی شاوەیسی، **دیوانی نالی**، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبد الكريم مدرس و فاتيح عبد الكريم، انتشارات كردستان، سنه.

٩. الهاشمي، أحمد بن إبراهيم، **جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع**، تحقيق: د. يوسف الصميلي، المكتبة العصرية، بيروت.

١٠. هیرانی، محمدی مەلا مصطفى، ٢٠٠٤، **دیوانی صافی**، چ: و: پەروەردە/ هەولێر.

## ملخص

يتناول هذا البحث الموسوم (الجناس في الأشعار الكردية لصافي الهيراني)، والذي يعد دراسة مهمة لشعر الشعراء الكورد وخاصة صافي الهيراني الذي أولى اهتماماً كبيراً لموضوع الجناس في علم البلاغة، وهو ما لا يثير الدهشة؛ لأنَّ صافي الهيراني شاعر كبير، استطاع أن يدخل موضوع الجناس في أشعاره، كما أولى شعراء آخرون اهتماماً كبيراً بالبلاغة، ومنها الجناس، وهذا البحث مثال صغير لشرح موضوع: (الجناس في الأشعار الكردية لصافي الهيراني)، ويتكون البحث على مبحثين، في المبحث الأول بينت مفهوم الجناس وأهمية شعراء الكرد لهذا الموضوع، وفي المبحث الثاني بينت أهمية الجناس عند صافي الهيراني، ثم في نهاية الدراسة يتم عرض بعض الاستنتاجات والتوصيات والمقترحات على أمل أن يستفيد الموضوع للجميع.


**الكلمات المفتاحية:** الجناس، شعراء الكرد، صافي هيراني.


## Abstract

This research deals with the title (Alliteration in Kurdish Poetry by Safi al-Hirani)، which is an important study of the poetry of Kurdish poets، especially Safi al-Hirani، who paid great attention to the topic of alliteration in the science of rhetoric، which is not surprising. Because Safi Al-Hirani is a great poet، he was able to introduce the topic of alliteration into his poetry، just as other poets paid great attention to rhetoric، including alliteration. This research is a small example to explain the topic: (Alliteration in the Kurdish Poetry of Safi Al-Hirani). The research included two sections. In the first section، I showed The concept of alliteration and the importance of Kurdish poets for this topic. In the second section، I showed the importance of alliteration according to Safi Al-Hirani. Then، at the end of the study، some conclusions، recommendations، and proposals are presented in the hope that the topic will benefit everyone.


**Keywords**: alliteration، Kurdish poets، Safi Hirani.